نێچیرڤان بارزانی لەگەڵ سەرکوەزیرانی کۆت کۆبووەوە



هەر لە میونشن، ئێوارەی ئەمڕۆ هەینی 2025/2/14 نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ شێخ ئەحمەد عەبدوڵا ئەلئەحمەد ئەلسەباح سەرکوەزیرانی کۆت، کۆبووەوە.

لە کۆبوونەوەکەدا پەیوەندییەکانی کۆت لەگەڵ عێراق و هەرێمی کوردستان، دۆخی ناوخۆی عێراق و هەرێمی کوردستان، پەیوەندییەکانی هەوڵێر ـ بەغدا، دۆخی سووریا و دوایین پێشهاتەکانی ناوچەکەیان، تاوتوێ کرد.

هەردوولا ستایشی پەیوەندییە مێژوویییەکانی کۆت و هەرێمی کوردستانیان کرد و جەختیان لە فراوانکردنی هاریکاریی هاوبەش لە هەموو بوارەکاندا کردەوە. هەروەها هاوڵا بوون لەسەر گرنگیی پاراستنی ئارامی و سەقامگیری و دوورخستنەوەی وڵاتانی ناوچەکە لە کێشە و ئاڵۆزی.

دەربارەی دۆخی سووریاش، هەردوولا جەختیان لە گرنگیی ئارامی و سەقامگیریی وڵاتەکە و پاراستنی مافی تەواوی پێکهاتەکانی کردەوە، هەروەها بەردەوامیی بەرەنگاربوونەوەی

تیرۆر و مەترسی و هەڕەشەکانی داعشیان بەپێویست زانی.